www.kurdistannet.org
14-4-2003 0:34

# بازاڕی برا (كۆنەكان) لەكوردستاندا چی بەسەر دیَ !!

سەردار خۆشناو

لەكوردستاندا گەلیَ زۆرن، لەرەنگ لەبۆن لەشێوەدا گەلیَ جۆرن، هەر رەنگ و بۆن وشێوەیەك، چەند خاسیەتن كەم دەبنە یەك، هەر یەكەیان قەڵەم بەدەستیَ، كەجورئەتی كرد لەبارەیانەوە بینووسیَ، تاخەسڵەتی كۆن ونوێیان بەیاد بێنیَ و بیاناسێنیَ.. لەپەراوێزی ئەو هۆزانەم، دەكریَ ویژدانانەتر بەپێی هەبوونی دەرفەت و رەچاوی داب ونەریتی كوردەواری كەمۆكەك لەجۆری كۆنەوانەكەكان پێناسەیەكیان بۆبكەین یاخود كەسێتیان شەن وكەو بكەین، واتە دەغڵ لەلایەك، دان لەلاكەی تری، من بەتەنها مەبەستم جۆرە نەك مێژوویێك كەدەرهەقی نووسینەوەی ناهێم وچونكە رەشكردنی، زۆری لاپەرەی دەویَ ...!؟ بۆیە دبێژم ئەو برا موجامیلچیانە دەبیَ كیَ بن ! زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبم بەپاشەڵ پیس وجدییەت فرۆشی و وەتەنیەت فرۆشی ناودەبرێن لەجۆری گوێی مەدریَ نەخۆشی ئاسا ! ئێمە دەكن بەكڕیاروخۆیان فرۆشیار كەنازانم لەكوێوە هاتووە گەر موشتەری بین ..!، رۆژبەسەربردنیان لەوەزیفەی دەوڵەت و خۆسەرقاڵكردنیان بەكاری لابەلا، كەمی هزری رۆشنبیری مرۆییان دەردەخا بێگومان لێم دەپرسن كام كارە ئەتۆ باسی دەكەی، كورد گۆتەنی شەرم نەبیَ نموونەی هەردوو رەگەزیان (بەلیفكە چنین و كلاَ وگۆرەوی دروست كردن وپێداهەڵگوتن بەرابردوو وبەباكردنەوەی كای كۆن وقسەی قەبە قەبەو زل) دەهێنمەوە، ئەوە ئەگەر قیەمیش باس لێوەبكەی گەر شێت نەكرێی دەبیَ بەشوكرانەشەوە خۆت بەشێت بوون ببەی.. ! چونكە لەنەمانی قیەمی خۆیان هەست بەنەبوونی هی خەڵك ناكەن بۆیە هەر لەوێش نەمانی نەریتی ئەوانم دەست دەكەویَ و لەزیاتری بیركردنەوەش كۆمەڵێك پرسیاری ئەو برا وانەكانەم لا دەست دەكەویَ كەبەبەرچاوم قوت دەبنەوە لەجۆری (دەیدەی كیَ دەزانیَ چیمان بەسەر دیَ و دەزانی خۆ نەخۆشخانەی فلاَنی موسڵ باشترە لە رزگاری ئێرە وخواردنی بەغدا بەتام ترە لەهی قەلاَ) و چەندانی تر، تا دەگاتە موزایەدە كردنی رەنگیشەوە ئەوەشیان هەر لەولاوە، ئەوشۆرشە رۆشنبیرییەی لەكۆڕو كۆبوونەوەكانی یانەكانی لای خۆمان باسی لێوەدەكریَ و دەخرێتە سەرمێزی گورم وگوڕی یەك و دوو دواندن وكۆشە پارەیەكی گەرم وگوڕیشی بۆسەرف دەكریَ ئایا پێویستییەكی سەردەم نییە لەبەرامبەر ئەو برا ( (وانەكانە) ) بۆ لەمەو دوا شۆرشێكی رۆشنبیری لەنێو شۆرشدا بۆ بەرۆشبیربوونی كوردییان بكریَ...؟ بەداخەوە خەمم زۆرە بۆ نەمانی بەهای مرۆیی، بیَ بەهایی هەست بوونی پرۆسەیەكی هەمەلایەنەی ئازادیخوازیی و دیموكراتی وئاشتیخوازی دەكەن، كەبەدوای خۆشگوزەری ژیانی تاك وبەكۆمەڵ دەگەریَ، بەدوای بنایادی زاتی ئینسانی دابراوی ئەو كۆمەڵگەیە دەگەریَ كەزەمەن زۆر غەدری لێكرد و نەك ئەوەی ئەوان بۆی دەچن !، بەس لەبیرم نەچیَ ئەوەش بوروژێنم كەجێگەی داخە پێدەچیَ ئەوانەی دوورن لەقیەم (كێن نازانم، دەرفەتی خۆیان لەپەنای دەسەلاَتدارانەوە قۆستبێتەوە، بادوریش نەرۆم هەقتانە لەو هەموو هینانە بپرسن كێن نەبادە خۆشم بیرم بچن، لانی كەم هەرلای خۆمەوە پێموایە ئێوەش دەیناسن بۆیە تۆزیَ دوورم خستنەوە، بۆ بەبیرهێنانەوە زەرورەتە بە (رەفیقی، سیدی، ولك، دمشی، ئەبونەسیرو لەجۆری ئەوا) ناسرابوون پێتان بناسێنمەوە، جاران لەژێر (سیادەی الاب القائد) وئێستاش لەسایەی ئەو فرە ئازادییەی خۆمان ئەوان خاوەن ماڵ و ئێمەش (میوانی ناوەخت) ە كە كورد پێی دەڵیَ پاشای سەر تەخت، چۆن پاشایێ ئەوەش بابەتێكی جیایە، ئەوان خۆیان بەبارو زروفی سەیروسەمەرە گوزەر پێدەكەن مەگەر ئەویش جۆرێك بیَ لەهونەری سەردەم، پێموایە ئەو برا وانەكانە كەبەئەسڵ ویا بەرەگەز كوردن (بەناوبرا بەعپییەكانن) كاری ئەوسا، هێند كاریگەرێتی لەسەردەرونیان هەبووە هێندیش پابەندی بڕیارەكانی سەرووتریان بوونە، ئێستاش بەیاد هێنانەوە ناویَ (بعپ) پیەكەیجاران، وەك خۆی لەفز دەكەن و لەبواری جیاجیای ئەزموونی كوردیمان وەكو (أیام زمان) ڕۆڵی (هونەری و ڕۆشنبیری و هتد. .) یان پیَ سپێردراوە و سەلیقەیەكی هەم جوان هەم خۆ گونجاندنێنی شارستانییان هەیە، (ئافەرین) هونەرە ! قەیدیچییە! بۆ ئەوەی رەفاهیەت لەدەست

نەدەن، بەمروری زەمەنیش بەسەرت فەرز دەکەن و رەئیت پێ دەدەن کە لە دێر زەمانەوە کاری ژێر زەمینیان بۆ نەتەوە کردووە، بێگومان نەتەوەی کوردم مەبەستە!، ئیرۆ شۆڕشگێڕێکی خاوەن باوەڕ و داکۆکیکارن لە ئەزموون ! براکانی ئەوساو هاوژیان و هاوخەباتەکانی ئێستامان لەفزی (بعپ) بیەتیان چەشنی جلە سەوزە قۆڵ کورتەکان خزمەتی بەردەوام (نەدەواتمان) بیردەخاتەوە کەپشکداریجوامێرانەیان هەبووەو ئێستاش وەک ئەوەی نەبا بووبێ و نەباران دڵۆپێکی رژابێ لەهەر گفتوگۆیەکی حزبیو غەیرە حزبی زۆر کوردییانە دەپەیڤن، بێگومان ئەوانە ئێستە لە بواری جودا جودا لە تەمامی کوردستان بەپێی پلەی بەرپرسیەتیان خزمەتی چارەنووس و ژیانی خەڵک دەکەن ! خزمەتە چقەیدییە! بەلێبورینیشەوە دەڵێم گەر دوور نەڕۆیشتبم لەوانیە برینەکانیانیشم کولاندبێتەوە! بەلاّم داخم بۆ ئەو سووکە ئومێدەکەی جاران بەسەرانی علوجیان هەبوو لەچاو تروکانێدا رۆیشتن و تا ئەبەد نەمان، بۆ داهاتوو چی دەکەن و چۆن جێگەیان دەبێتەوە، پرسیارێکە دەترسم هەر بێ وەلاّم بمێنێتەوە... خوا کەریمە..!!

Serdarxoshnaw73@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت